# پێرست


کوردستان لە سەرەتاکانی سەدە١٩ی زایینی هەتا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهان..... ٧
کورتە شوێنەوار و خەڵک ناسیی کوردستان.............................................................. ٩
کوردستان لە گەمەی وڵاتە زلهێزەکاندا.................................................................. ١٣
گرینگیی ئابووریی کوردستان ............................................................................ ٢٣
هەوراز و نشێوەکانی بزووتنەوەی کورد .................................................................. ٣٣
کۆتایی ........................................................................................................ ٥٥
بیری چەپ و دۆزی سەربەخۆیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ............................ ٦٣
بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد و بیری چەپ لە ئێران ................................................. ٦٥
حزبی کۆمۆنیستی ئێران و کێشەی نەتەوەیی ...................................................... ٨٤
پرسی کورد لە سەربەخۆییەوە بۆ خودموختاری ..................................................... ٩٣
بیری چەپ و مەسەلەی نەتەوەیی ..................................................................... ١٠٦
چەپ و مەسەلەی نەتەوەیی پاش شۆڕشی ساڵی ٥٧ی هەتاوی ................................. ١١١
چەپی کورد و پرسی نەتەوایەتی ........................................................................ ١١٣
کۆتایی ........................................................................................................ ١١٩
حیزبی توودەی ئێران و بزووتنەوەی نەتەوەی کورد لە ئێران دا ............................... ١٢١
هەڵوێستی حیزبی توودەی ئێران ....................................................................... ١٢٣
بنەما فکرییەکانی حیزبی توودەی ئێران ............................................................... ١٣٢
حیزبی توددەی ئێران و بزووتنەوەی کورد پاش شۆڕشی. ....................................... ١٤٦

## سەرچاوەکان

### بە فارسی


- یرواند آبراهامیان، ایران در بین دو انقلاب، ترجمه احمد گل محمدی و محمد ابراهیم فتاحی، جدول شماره ۱، ساختار قومی ایران، نشر نی، چاپ شانزدهم، تهران ۱۳۸۹
- یرواند آبراهامیان، مقالاتی در جامعه‌شناسی سیاسی ایران، مترجم سهیلا ترابی فارسان، شرکت نشر و پژوهش شیرازه کتاب، چاپ اول ، تهران۱۳۸۷
- یرواند آبراهامیان، تاریخ مدرن ایران ، ترجمه محمد ابراهیم فتاحی، نشر نی، چاپ چهارم ، تهران۱۳۸۹
- سعید نفیسی، تاریخ معاصر ایران، ص ۲۷، انتشارات فروغ، تهران ۱۳٤٥
- لازاریف و ... تاریخ کردستان صص، ۱۷۱ و ۱۷۲، مسکو ۱۹۹۹، ترجمه فارسی، منصور صدقی و کامران امین آوه، انتشارات فروغ، ۱۳۸٦، کلن، آلمان
- لازاریف، محوی و ... کردستان معاصر، ترجمه کامران امین آوه، چاپ دوم، نشر روشنگری، آلمان ۲۰۱۷
- لازاریف، کردستان در ابعاد ژئوپلیتیک، ترجمه از روسی، کامران امین آوه
- لازاریف، اتحاد جماهیر شوروی سوسیالیستی و کردستان (سالهای ۱۹٤٥ –۱۹۱۷ میلادی)، ترجمه از ک. امین آوه

- ا.آ گرانتوسکی و ... تاریخ ایران از زمان باستان تا امروز، ترجمه کیخسرو کشاورزی، دانشگاه دولتی مسکو ۱۹۷۷
- م. س. ایوانف، تاریخ نوین ایران، ترجمه هوشنگ تیزابی، ح. قائم پناه، تهران، سلوج، ۱۳۵۶
- دیوید مک داول، تاریخ معاصر کرد، ترجمه ابراهیم یونسی، انقلاب، ناسیونالیسم و جنگ، چاپ دوم، پانیذ تهران۱۳۸۳
- جاناتان رندل، با این رسوایی چه بخشایشی، ترجمه ابراهیم یونسی، انتشارات پانیذ. تهران،۱۳۷۹
- جواهر لعل نهرو، نگاهی به تاریخ جهان، جلد دوم، ترجمه محمود تفضلی، چاپ ۱۳، انتشارات امیرکبیر، تهران ۱۳۸۹
- رومان گیرشمن، کایلر یانگ و ... ایران باستان، ترجمه و تدوین دکتر یعقوب آژند، انتشارات مولی، چاپ اول ۱۳۸۹
- ژاک دو مرگان، زمین شناسی ایران، ترجمه کاظم ودیعی، نشر چهر، تبریز ۱۳۳۹
- محمد امین زکی بیگ، زبده تاریخ کرد و کردستان، جلد اول، ترجمه یدالله روشن اردلان، نشر توس، تهران۱۳۸۱
- علی گلاویژ، مناسبات ارضی در کردستان(فروپاشی نظام عشیرای) چاپ اول، انتشارات روزبه ، تهران۱۳۶۱
- شیخ محمد مردوخ کردستانی، تاریخ کرد و کردستان و توابع یا تاریخ مردوخ، جلد اول، عده نفوس کردستان، چاپ دوم، ۱۳۵۱
- ایرج اسکندری، در تاریکی هزاره‌ها، به کوشش علی دهباشی، چاپ اول نشر قطره، تهران ۱۳۷۷
- غلامرضا طباطبایی، منشآت فرهاد میرزا معتمدالدوله، شرکت چاپ و انتشارات علمی تهران ۱۳۶۹

- ک. و. وێرتیایف و س. م. ئیوانف، ناسیۆنالیزمی کورد، مێژوو و نوێخوازی، ئاکادێمی زانستیی ڕووسیە، ئەنستیتووی ڕۆژهەڵاتناسی، دەزگای چاپی **URSS** مۆسکۆ.٢٠١٥
- ن. ز. مۆساکی، کوردستان: سامان و سیاسەت، بەرگی یەکەم، ئەنستیتووی ڕۆژهەڵاتناسی، مۆسکۆ ٢٠٠٥
- ئەنسیکلۆپیدیای مێژووی سۆڤییەتی، ، بەرگی ١٠، مۆسکۆ،١٩٦٧

http://adverbum.org/ru/sovetskaja-istoricheskaja-enciklopedija10=514

**بە ئینگلیزی**

- **Wadie Jwaideh, Kurdish National Movement, Its origins and Development, First Edition 2006, Syracuse University Press, New York,**
- **World War I, https://en.wikipedia.org/wiki/World_War_I**

**ئەلەرزێت کاکی (ئاغا) وەک بنی ئاو**
**که ئالای سوور و ئاڵی دێته بەر چاو**
**تەماشا کەن له مەیدانی هەرا و شەڕ**
**چلۆن سەربازی سوور، ئازا و دلاوەر**
**شەو و ڕۆژ بێوچان وا تێ ئەکۆشن**
**له جەبهەی شەڕ ئەڵێی شەربەت ئەنۆشن**
**به فەرمانی ستالین: پیاوی شەڕکەر**
**ئەدەن بەربا هەموو نیرووی هیتلەر"[٩٦]**

"ئەم ڕەوتە هەروەهــا له بابەتەکــانی "کوردســتان" بــڵاوکەرەوەی بیـری حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئەو سـەردەمە پـاش پێکهـاتنی کۆمـاری کوردســتان بەردەوام مـایەوە. شـیعرەکانی هەژار، هـێمن و ویردی و نووسراوە سیاسی و مێژووییەکان و هتد [...] پڕن له هیـوا به یەکیـەتیی سـۆڤییەت، سـتالین و سـپای سـوور بـۆ ڕزگـاری گەلـی کورد. بۆ وێنە هەژار له ڕۆژی هەڵکردنـی ئاڵای کوردستان له بۆکـان له بەشێک لەو شیعرەی که دەیخوێنێتەوە دەڵێ:

**"ڕێی نەجاتمانه پەنا بۆ ئیتیحادی شۆڕەوی**
**سورمە بۆ چاوی ئێمە خاکوخۆڵی مەسکەوی**
**ڕەبی (ئیستالین) بژی بۆ لاگریی مەزڵوومان**

---

[٩٦] دیاردەی کومەلەی ژ. ک بو لاوەکانی کورد، ١٣٢٢-١٩٤٣ لاپەڕەکانی ١٤ و ١٥، پاشکۆی نیشتمان، بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ. ک لاپەڕەی ٢٠٩ و ٢١٠، ئامادەکردنی عەلی کەریمی، بنکەی ژین سلێمانی ٢٠٠٨

بەردەوام باسی لە وتوویژ لەگەڵ "خوشک و برا کوردەکان" دەکرد نەک ئەو حیزبانەی نوێنەرایەتی نەتەوەی کوردیان دەکرد.

پارادۆکسی حیزبی توودەی ئێران لەوەدابوو لەلایەک باسی "خوشک و برا کوردەکان" و خوێنی پێشمەرگەکان و وتوویژ لەگەڵ ئەوانی دەکرد و لەلایەکی دیکەوە ڕوو بەر دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەیگوت: "ئێمە دەزانین دەژشۆڕش کارەساتی کوردستانی هێناوەتە ئاراوە، بەڵام ئێوە بۆچی دابینکردنی داخوازییە ڕەواکانی گەلێکی ستەملێکراو بە سەرکوتی دژە شۆڕش دەبەستنەوە؟"[١٨٠] بەداخەوە ڕێبەری حیزبی توودەی ئێران بە گەورەکردنەوەی ڕۆڵی ئیمپریالیزم و دەستوپێوەندەکانی ڕێژیمی پێشوو، زۆرجار تەڕ و وشکیان پێکەوە دەسووتاند، بە لەبەرچاونەگرتنی بەرگری جەماوەری خەڵک و حیزبە کوردییەکان هیچ ترسێکی لە بوختان هەڵبەستن و ناووناتۆرەی بێبنەما و زۆر سەرەتایی و منداڵانە نەبوو تا ئەو جێگەیەی دۆزینەوەی "قاپۆڕە فیشەکێک لەلایەن لایەنگرانی حیزبی توودەی ئێران لە گرووپی جەلالی حوسێنی لە کوردستان نیشاندەری دەستی میسر لە ڕووداوەکانی کوردستان"[١٨١] بوو و "گەڕانی وەرگێڕێکی زمانی کوردی بەشێوەی


دخالت امپریالیسم آمریکا در وقایع کردستان

اخیراً روزنامه انگلیسی گاردین (مورخ چهارشنبه ۷ شهریور ۵۸) بدست ما رسید، که در ستون نیازمندی‌ها، آگهی جالبی به چشم می‌خورد، که عیناً نقل می‌کنیم:

«مترجم زبان کردی استخدام می‌شود

دفتر دولت ایالات متحده آمریکا، مترجم زبان کردی بطور نیمه‌وقت استخدام می‌کند. درصورت تمایل میتوانید کار ارجاعی را در منزل انجام دهید. مترجم بایستی نسبت به زبان کردی و انگلیسی تسلط کامل داشته و درمورد امورجاری جهان آگاهی عملی داشته باشد...»

نکته قابل توجه اینکه نام دفتر دولت آمریکا FBIS است که می‌تواند مخفف

Foreign Bureau of Intelligence Service

(دفتر خارجی انتلیجنس سرویس) باشد. ضمناً این دفتر آدرس بی بی سی انگلستان را برای مکاتبه ارائه داده است. تو خود حدیث مفصل بخوان از این مجمل!

KURDISH TRANSLATOR WANTED

For part-time position as translator with U.S. Government office. Work may be performed at home, if desired. Must have excellent knowledge of Kurdish with ability to translate into fluent idiomatic English. Good educational background and working knowledge of current world-affairs required. Some typing ability also required. Salary commensurate with education and experience. Suitable candidates will be asked to undertake tests. Send resumé and telephone number to FBIS, c/o BBC Monitoring Service, Caversham Park, Reading RG4 8TZ for review and arrangement of interview.

با اتکاء به پیام تاریخی امام خمینی،

[١٨٠] مردم شماره ٧٦، ٥ آبان ٥٨

[١٨١] مردم شماره ١٤١،٢٣ دی ١٣٥٨.

نیوە وەخت لەلایەن دەفتەری دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە بەشی ستوونی پێویستییەکانی ڕۆژنامەی ئینگلیزیی گاردییەن"[١٨٢] نیشاندەری دەستێوەردانی ئیمپریالیزم لە ڕووداوەکانی کوردستان لەقەڵەم دەدرا.

حیزبی توودەی ئێران لەم ماوەیەدا هەرچەند بەپارێزەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکرد، بەڵام بێدوودڵی هێرشی پڕوپاگەندەی دەکردەسەر ڕێکخراوی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان کە لەلایەن بەشێکی زۆری خەباتگێڕان و ڕۆشنبیرانی چەپی کوردەوە پێک هاتبوو و ئەوی بە ڕێکخراوێکی مائۆئیستی دەزانی کە لەژێر "وەها ناوێکی خەڵک فریودەرانە ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەهیۆنیستەکان و ئەمریکا لەپێوەندی دایە."[١٨٣] لەڕاستیدا لە لۆژیکی حیزبی توودەی ئێراندا "هێڵی سێ" بوونی لایەنێک بۆ بە وابەستەدانانی بە سەهیۆنیزم و ئیمپریالیزم بەس بوو و پێویستی بە بەڵگەی دیکە نەبوو. پێویستە بگوترێ کە هێزەکانی "هێڵی سێ"ش بە هەمان لۆژیک و خوێندنەو، حیزبی توودەی ئێرانیان بە "جاسووسی ک. گ. ب و وابەستەبوون بە یەکێتی سۆڤیەت" تۆمەتبار دەکرد.

نوورەددین کیانووری لە "پرسیار و وڵامدا" لەپێوەندیی لەگەڵ ئەو زانیارییانەی کە حیزب سەبارەت بە کوردستان بڵاوی دەکردنەوە، دەڵێ:"ئەو زانیارییانەی ئێمە بڵاوی دەکەینەوە، بە شێوەی جۆراوجۆر بە دەستی ئێمە دەگەن. لەلایەن کەسانێکەوە کە متمانەیان پێدەکەین

---

[١٨٢] مردم شماره ١٠٣، ٦ آذر٥٨

[١٨٣] مردم شماره ٨٤، ١٤ آبان ٥٨.

و بڕوامان وایە درۆ ناکەن. حیزبیش بە ئیعتبار و قورساییەک کە هەیەتی، ئەم زانیارییانە بڵاو دەکاتەوە."[١٨٤] بە سەرنجدان بە قسەکانی د. کیانووری نابێ هیچ شک و گومانێک لە وتەکانی حیزب بکرێ، چونکە هەرچی حیزب بیڵێ، عەینی واقعییەتە و پێویستی بە هێنانەوەی هیچ چەشنە بەڵگەیەک نیە! بێشک دەتوانرێ لە مەیدانی سیاسەتدا، دژی فکر، ڕێباز و سیاسەتی حیزبێکی دیکە بی، بەڵام وەها تۆمەت هەڵبەستنێک لە هەر چەشنە ئەخلاقێکی سیاسی بەدوورە و تەنیا نیشاندەری فەرهەنگ و ئەخلاقی سیاسی ناپرسانەی لایەنی تۆمەتبارکەرە، کارێک کە لەلایەن کۆماری ئیسلامی بەرۆکی خودی حیزبی گرتەوە و ئێعدام و گرتنی باشترین ڕۆڵە و کادرە لێهاتووەکانی بەپێی پەروەندەی سازکراو و هەڵبەستراوی لێکەوتەوە.

بەرگری سێ مانگەی پێشمەرگەکانی کوردستان و پشتیوانی زۆرینەی جەماوەری خەڵک لە پێشمەرگەکان، بوو بەهۆی پاشەکشێی هێزە سەرکوتکەرەکان و ئازادی شارەکانی کوردستان لە خەزەڵوەری ٥٨. ئایەتوڵڵا خومەینی لە ٢٧ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ پەیامێکی بۆ خەڵکی کوردستان نارد کە زیاتر لایەنی تاکتیکیی هەبوو و بە هۆی تێکشکانی ئاشکرای هێزەکانی ئیسلام لە کوردستان، کوشتنی کات و هێرشی سەرلەنوێ لە دەرفەتێکی باشتردا بۆ سەر کوردستان بوو. ئەم پەیامە لەلایەن حیزبی توودەی ئێرانەوە وەک "سەرکەوتنی مێژوویی دادپەروەری و ئینسانییەت لە کوردستان"[١٨٥] دانرا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لە ڕاگەیاندراوێک لە سێی

---

[١٨٤] پرسش و پاسخ، ٦ (١٦) ص٥.

[١٨٥] مردم شماره ٩٧، ٢٩ آبان ٥٨.

سەرماوەزی ٥٨دا پشتیوانی لە پەیامی ئیمام و هیواداربوون بە چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کوردستان کرد. ئەم ڕاگەیاندراوە لە ژمارە١٢٩ی "مردم" لە هەشتی بەفرانباری ٥٨ دا چاپ کرا. حیزبی توودەی ئێران بە گرتنی ئەو هەڵوێستە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دوای ماوەیەک و بۆ یەکەم جار بێجگە لە چەند بابەتێکی دەگمەن کە زیاتر حاڵەتی هەواڵنێری هەبووە، بە فەرمی ئاماژەی بەم حیزبە و هەڵوێستەکانی کردوە و لە وتارێکدا لەژێر ناوی "ئێمە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران"[١٨٦] ڕەزامەندی خۆی لەسەر ئەو هەڵوێستە دەربڕی و ڕایگەیاند" وێڕای هەڵە و کەموکوڕییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە یەک ساڵی ڕابردوودا و ئەو ڕەخنانەی کە بە تایبەت لەباری هەڵبژاردنی هاوپەیمانانی لەسەری بوو، دەتوانێ ڕێگەی دروست هەڵبژێرێ و هەنگاوی تێدا هەڵێنێتەوە". بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەژدەی بەفرانباری ١٣٥٨ لەپێوەندیی لەگەڵ مەحکووم کردنی هێرشی هێزەکانی کۆمەڵە بۆ چەند یەکەیەکی ئەرتەشی ئێران لە حەڤدەی بەفرانبار لە کاتی هاتنیان بۆ مەهاباد و پێداگریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کوردستان بوو بەهۆی دەرکەوتنی خۆشحاڵی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی توودەی ئێران. حیزبی توودەی ئێران بە دەربڕینی خۆشحاڵی لەم هەڵوێستە لە نامەیەکدا ڕوو بە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ٢٦ی بەفرانباری ٥٨ خوازیاری هەرچی زیاتر جیاکردنەوەی ڕیزی خۆی لە هێزەکانی دژەشۆڕش

---

[١٨٦] مردم شماره ١٣١، ١٠ دی ٥٨

